قائیمقامیەتی سلەمانی: بەبەنی جژنی رەمزانەوە بۆ شەو و رۆژ چاودێری بازاڕ دەکەین

قائیمقایەتی سلەمانی رایدگەیەنێت، بەبەنی جژنی رەمزانەوە چاودێری بازاڕ دەکەن و دەشێت، "دەبێت لە رۆژانی جژن رستۆرانت و میوانخانە و مەیکان بە رووی گشتیاراندا کراوەبن".

قائیمقامیەتی سلەمانی لە راگەیەندراوەکدا باویکردوە، بەمبەستی ئامادەکاری بۆ رۆژانی جژن، ئەمڕۆ 2ی نیسانی 2024 کۆبوونەوەیەک لە دیوانی قائیمقامیەت بەڕێوەچوو، ئاوات محەمەد، قائیمقامی سلەمانی رایگەیاند، لە رۆژانی پێش جژن قەرەباڵغیی زیاتر روو لە بازاڕەکان دەکات بۆ کڕینی پێداویستیەکان، هەربۆیە لیژنە هاوبەشەکانی و تیمی لایەنە پەیوەندیدارەکان بوردی چاودێری کوالێتی و نرخی خواردن و پێداویستیەکان دەکەن و ئەرکی هەڵە ئەمنییەکان و شارەوانی زیاتر دەبێت.

ئاوات محەمەد قائیمقامی سلەمانی ئاماژە بۆش دەکات، لەگەڵ ئەوەی رێگری لە کار و بازاڕی کەس ناکەین، پێویستە دوکاندا و دەستگەکانیش ئاستەنگی هاتوچۆ بۆ هاوڵاتیان و شەقامەکان دروستنەکەن، بۆپێچەوانەوە ناچار بگرتنبەری ڕێکاری یاسایی دەبین.

لە راگەیەندراوەکەی قائیمقامیەتی سلەمانیدا هاتووە، قائیمقامی سلەمانی، لیژنە هاوبەشەکان و بەڕێوەبەرایەتیی چاودێری بازرگانی راسپارد ئەم چەند رۆژەی نزیکی جەژنی رەمەزان سەردانەکانیان بۆ ڕۆژان و شەوان بۆ بازاڕ و دوکان و شوێنە گشتییەکان زیاتربکەن.

پێیوەست بە گەشتیاران و ئامادەکارییەکان بۆ پێشوازیکردن لێیان، لە کۆبوونەوەکەی قائیمقامیەتی سلەمانیدا باس لەوە کراوە، "دەبێت تەواوی میوانخانەو چێشتخانەو نانەواخانەو مەیدانەکان لە ڕۆژانی جەژندا کراوەبن".